زانیاریی داواکراو

پێنج قەشەی کریستیانی بۆ ماوەی 6ساڵە لە لایەن داعشەوە (ISIS) دەستبەسەر کراون.

گومان دەکرێت لە بەرواری 9ی فێبریوەریی 2013 تووندڕەوەکان قەشەی ئۆرسۆدۆکسی یۆنانی ماهیر مەحفوز (Maher Mahfouz) و قەشەی کاسۆلیکی ئەرمەنی میکائیل کایالیان (Michael Kayyal) لە پاسێک کە 30 کیلۆمەتر لە دەرەوەی حەلەب (Aleppo) بووە دوور خستبێتەوە، چونکەئەوان لە ڕێگەی چوون بۆ پەرستگایەک لە کافروواندا (Kafrun) بوون.

لە بەرواری 22ی ئاپریلی 2013، مەترانی ئۆرسۆدۆکسی سووریی گریگۆریس ئیبراهیم (Ibrahim Archbishop Gregorios) بە مەبەستی هەڵگرتنی مەترانی ئۆرسۆدۆکسی یۆنانی بۆلووس یازیگی (Archbishop Bolous Yazigi) لە حەلەبەوە گەشتی بۆ تورکیا کرد. ئەوان لە ڕێگای دانووساندان بۆ ڕزگارکردنی دوو قەشەکەدا بوون. لە کاتی گەیشتنە خاڵێکی پشکنین لە نزیک ئەلمەنسووراً (al Mansora) ، گرووپێک کە لە چەندین کەسی چەکدار پێک هاتبوون و بۆسێیان دانابۆوە، دەستیان بە سەر ئۆتۆمۆبێلەکەی قەشەکاندا گرت. پاشان سایەقی قەشەکان بە مردووبی دۆزرایەوە. سەرەتا وادەزاندرا کە ئەو ڕفێنەرانە سەر بە جیبهەتوولنووسرە (Jabhat al-Nusrah) بن، بەڵام پاشان قەشەکان گواستراونەوە بۆ داعش.

لە بەرواری 29ی جولای 2013 دا داعش باوکە پائۆلۆ دالئۆگلیۆی (Father Paolo Dall'Oglio) لە ڕەقا (Raqqah) ڕفاند. باوکە پائۆلۆ دالئۆگلیۆ پلانی ئەوەی دانابوو کە لە گەڵ داعش چاوپێکەوتن بکا بۆ ئەوەی داوای ڕزگاریی قەشە ڕفێندراوەکان بکا. بەڵام لە بری دانیشتن، داعش ئەویشی ڕفاند .

ئێمە بە دوای شوێنی ئەو کەسانە و گەرانەوەیان بە شێوەیەکی سەلامەت داین. خەڵاتێکی 5 میلیۆن دۆلاری دەدەین بەو کەسەی زانیاریی دەربارەی تۆڕی ڕفاندنی داعش یان ئەو کەسانەی ئەم تاوانانەیان ئەنجام داوەمان بداتێ. نهێنییپارێزیی تەواو مسۆگەر دەکرێ. ئەگەر زانیاریت لە سەر هەر کام لەم کەسانە هەیە، تکایە پەیوەندیی بە نزیکترین باڵوێزخانە یان کۆنسوولگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوەبکە یان ئیمەیل بۆ ئەم ناونیشانە بنێرە info@rewardsforjustice.net.

REWARDS FOR JUSTICE

Washington, D.C. 20533-0303 USA
1-800-USREWARDS | @Rewards4Justice
info@rewardsforjustice.net
www.rewardsforjustice.net

خەڵاتێکی 5 میلیۆن دۆلاری

باوکە میکائیل کایال
(Father Michael Kayyal)

باوکە ماهیر مەحفوز
(Father Maher Mahfouz)

قەشە گریگۆریس ئیبراهیم
(Bishop Gregorios Ibrahim)

قەشە بۆلووس یازیگی
(Bishop Boulos Yazigi)



باوکە پائۆلۆ دالئۆگلیۆ
(Father Paolo Dall'Oglio)